www.kurdistannet.org 29-5-2004

# هێلکەی حوشترمەل

حەمەسەعید حەسەن

تەواو بە پێچەوانەی تۆوە کە ماستاو بۆ دەسەڵاتداران سارد دەکەیەوە و پەلاماری بێدەسەڵاتان دەدەیت، من بە گژ دەسەڵاتداراندا دەچمەوە و لایەنی بێدەسەڵاتان دەگرم. خۆزگە تۆیش بۆت دەکرا لاپەڕەیەک بنووسیت و تێیدا نە ماستاوت بۆ دەسەڵاتدارێک سارد کردبێتەوە و نە سووکایەتیت بە بێدەسەڵاتێک کردبێت.

چەرچڵ دەیگوت: ‹ئەوە ئاساییە سیاسەتوان درۆ بکات، ئەوە سەیرە ڕاستی بڵێت.› من سەرقاڵی سیاسەت نیم، تا پێویستم بە هانا بۆ درۆ بردن ببێت. بۆ ئەوە دەستم نەداوەتە قەڵەم، تا درۆی پێ بنووسم. قەڵەمی من ئەسپێکە، دەزانم لەگەڵ نووسینی یەکەم درۆدا لە بەرزترین لوتکەوە بۆ قووڵترین خەرەندم بەر دەداتەوە. تاقە نهێنییەک کە وای کردووە، قەڵەمی من ئارامی لەبەر کەسانێک بڕیبێت، درکاندنی ڕاستییە.

منیش وەک هەر ئینسانێکی دیکە، هەڵە دەکەم، بەڵام کە هەستم بە هەڵەی خۆم کرد، پاشگەز دەبمەوە. داوای بەخشین دەکەم کە نووسیبووم، دەروێش ئاغای برای فەتاح ئاغا، ئاخر دەروێش ئاغا ئامۆزای فەتاح ئاغایە نەک برای. داوای لێ بوردن دەکەم کە باسی کێشەیەکی نێوان ئاگرین و ئازای حەسیب قەرەداغیم کردبوو، ئاخر دەبوو لە بری ئازا، ‹بەهات›م گوتبا کە ئەویش هەر کوڕی شاعیری نەمر حەسیب قەرەداغییە. ناکۆکیی نێوان ئاگرین و بەهات، لەسەر مەحوی نەبوو، وەک من نووسیبووم، دەربارەی میرزا غەفوور بوو، کە باپیری بەهات و خەزووری ئاگرینە.

هەندێک کەسی مردوو، دەیانەوێت لە ڕێگای پەلاماردانی منەوە، ڕۆڵی زیندوو وازی بکەن. هەندێک کەس کە هەرگیز ناوم نەهێناون، بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، گوایە ڕەخنەم لێ گرتوون. هەندێک کەس نووسراو بە ناوی وەهمییەوە بڵاو دەکەنەوە و تێیدا هێرش دەکەنە سەر من و ستایشی خۆیان دەکەن. من لە ناخی دڵمەوە بەزەییم بە هەموو ئەو بەستەزمانانەدا دێتەوە و هیوای چاکبوونەوەیان بۆ دەخوازم. ئەوی بە ناوی وەهمییەوە، جنێو بەم و بەو بدات، ستایشنامە بۆ خۆی بنووسێت و لە هیچی نەبوو خۆی بە نووسەر بزانێت، نەخۆشە و نابێت وەڵامی بدرێتەوە، بەڵکوو پێویستە دەستی کۆمەکی بۆ درێژ بکرێت. خوڕ خوڕ گریانم بۆ ئەوانە دێت کە تووشی نەخۆشییەک هاتوون، ناوی دەردی حەمەسەعید حەسەنە. ئاخر ئەوانە بەردەوام بەو دەردەوە دەتلێنەوە و بۆ تاوێکیش ئۆخژن نابێتە میوانیان. هیوادارم چی زووترە لەو دەردە کە ژیانی لێ تاڵ کردوون، ڕزگاریان ببێت و پاشماوەی تەمەنیان بۆ ئەوین، نەک بۆ ڕق لە من بوونەوە،

www.kurdistannet.org 29-5-2004

تەرخان بکەن. چونکە ئینسان جارێک دەژی، زۆر نیگەرانم بۆ ئەوانەی نووسینم وای هەراسان کردوون، کانیاوی ئەو تاقە ژیانە، بە دوژمنایەتیکردنی من لێڵ دەکەن.

کورتەی ئەوەی یاساناس ئارام موحسین گەردی نوسیبووی، بریتیبوو لە: ‹بە گوێرەی ماددەی شەشی ئوسووڵی موحاکەماتی عێراقی، ئەگەر سێ مانگ بەسەر بڵاوبوونەوەی ‹قەزف›ێکدا تێپەڕیبوو، ‹قەزفکراو› مافی سکاڵاکردنی نامێنێت. ئاگرین چونکە پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ و بیست ڕۆژ بەسەر بڵاوبوونەوەی نووسینەکەی حەمەسەعید حەسەندا، داوای تۆمار کردووە، زەحمەتە کێشەکە بباتەوە.›‹١›

بەختی ئاگرین بە نۆزدە یان بیست ڕۆژ نەسووتاوە، بە نۆزدە یان بیست ساڵ سووتاوە، ئاخر ئەو زانیارییە حاشاهەڵنەگرانەی ‹نەک قەزف› لە ٢٠٠٣/١١/٦دا کوردستان نێت بڵاوی کردنەوە، نۆزدە بیست ساڵ بەر لەو مێژووە، لە بەشی دووەمی کتێبی ‹یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟›دا کە لە حوزەیرانی ١٩٨٥دا لە کوردستان بڵاو بووەوە، تۆمار کرابوون.‹٢› هەمان کتێب، بە هەمان ناوەڕۆکەوە ١٩٩٤ لە سوێدیش چاپ کرایەوە و دەیان نوسخەی لێ گەیشتەوە کوردستان.‹٣› شیاوی گوتنە ئەو کتێبە وەڵامدانەوەی نامیلکەیەک بوو بە ناونیشانی: ‹یەکێتیی نووسەرانی کورد لە نێوان ڕاستی و درۆنامەدا› کە بەرهەمی خامەی خودی ئاگرین و چەند نووسەرێکی دیکە بوو. لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییە تازانەدا، ئەوە ساغ دەبێتەوە کە ئەو دادیارەی خواستی نارەوای ‹ئاگرین›ی جێبەجێ کردووە، کەسێکە لە بواری کارەکەی خۆیدا دەست و پێ سپی.

2004. 05. 27

«عەبدوڵلا ئاگرین»
لەمێژە ئەوە پیشەیەتی هێرش دەکاتە سەر خەڵکانی پێشکەوتنخوازو داکۆکی لە پیاوانی ڕژێم دەکا. هەربۆیە ڕژێم حسابی تەمەنو وەزیفەو نمرەی بۆناکاو لە کۆلیژی ئاداب وەریدەگرێ.

نەك هەر موحازەرەیەکی نەفەوتا بەڵکو لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٨٤دا دڵی خوێندکارانی سارد دەکردەوە.

کاژێك وەك لە بەیاننامەکەی ١٩٧٥/١/٢٥یاندا هاتووە لەسەر دوو ڕوویی دەریان کردووە،

عبداللە ئاگرین لە هاوکاری ژمارە: ٦٧٥ی ڕۆژی ١٧ی ئازاری ١٩٨٣دا دەڵێ:
( بەرهەمەکانی عبداللە عەباسو سەلاح شوان لە خزمەتی گەشەکردنو پەرەسەندنی ئەدەبو زمانی ڕەشوڕووتو چەوساوەی میللەتەکەماندایە.

(١) پێشبینییەکانی نێو دادگاییەکە، ئارام موحسین گەردی ٢٠٠٤/٣/٨ کوردستان نێت.

(٢) چاپی یەکەمی بەشی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ل ٢٠ و ٢١ چاپخانەی حیزبی شیوعی عێراق، ‹باڵی بەهادین نوری› ١٩٨٥ کوردستان.

(٣) چاپی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ بەشی یەکەم و دووەم، حەمەسەعید حەسەن، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤ چاپخانەی ئاپێک، ل ٤٦، ٤٧ و ٤٨